# بۆیەکەم جارە مردوو دەتوانێت دەنگ بدات لە هەڵبژاردن ... ئەنوەر خەراجیانی




من بە یاسای عێراقی مردووم لە ساڵی 1994 وە، هۆی مردنەکەم بە ڕەسمی لە دادگای سولەیمانی دەر هێنا لە سجلی وەفات نامە کە تێیدا نوسرابوو بە سەکتەی دڵ مردووم بە شایەتی دووکەس و موختار. لە مانگی حەوتی ئەم ساڵدا پێم زانیوە بە پەلە دەستم کردووە بە مەعامەلەکردن تاوەکو ئێستا مەعامەلەکانم ڕاوح دەکەن هەر لە شوێنی خۆیەتی بە مەرجێ وەکیل یشم هەیە زۆربەی کات سەردانی دادگای کردووە هیچ وەلاَمێکیان نەداوەتەوە.

هەموو جارێك پێی دەڵێن برادەر بە کوردی پێت دەڵەین ئەم جۆرە مەعامەلانە کەمترین شت دوو ساڵ دەبات. من خانەنشینی زیندانی سیاسیم واتە مانگانە موچەم هەیە تاوەکو ئێستا، ئایا لە دوونیادا بووە مردوو خانەنشین بکرێت و موچەی هەبێت.

ئایا لە دوونیادا بووە مردوو بە بەڵگەی وەفات نامەی دادگا بتوانێت دەنگ بدات. من کەسێکم بە پەرۆشەوە دەچم بۆ دەنگ دان وە زۆریش هاوکاری خەڵك دەکەم بۆ دەنگدان زۆر جار نووسەرەکان دەنووسن ئەگەر ئیدارە یەك نەگرێتەوە دەنگ نادەین من خۆشم لەو بابەتەوە شتم نووسیوە بەلاَم زیاتر مەبەستمان لە یەکگرتنەوەی ئیدارەی کوردیە نەك دەنگ نەدان، ئەگەر ئیدارە یەك بگرێتەوە یان یەك نەگرێتەوە گرنگ نییە بەلای منەوە من دەنگی خۆم هەر ئەدەم دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارە 730 کارێکی نیشتیمانی پیرۆزە، هیوادارم بەم نووسینە دڵی کارمەندەکان باش بێت و زیندوم بکەنەوە تا بتوانم بە ئازادانە و دڵێکی زندووە دەنگ بدەم بە لیستی ژمارە 730. لە کوردستان بە ئاسانی خەڵك دەمرێنن بە بێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێت بەلاَم بە داخەوە کەسیان بۆ زیندووناکرێتەوە.

ئەنوەر خەراجیانی
پەیام نێری کوردستان نێت
anwaramin@malmo2. net
0046 40 948904
0046 736238127